ژمارە : ٢٥٦٥
ڕێکەوت : ١٥ / ١١ / ٢٧١٥ کوردی

DATE: ٢٠١٦ / ٢ /٤

## ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٦
## ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە برگەی (یەکەم) مادە (٣) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:-

**مادەی یەکەم:**

**پێناسەکان**

مەبەست لەم پێناسانەی خوارەوە ئەومانایانەی بەرامبەریان دیاری کراوە بەمەبەستی جێ بە جێ کردنی ئەم ڕێنماییانە :

١. هەرێم : هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢. وەزارەت : وەزارەتی ناوخۆ.
٣. وەزیر : وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٤. دەسەڵاتی پێدان : وەزیری ناوخۆ کە بە پێی مادە (١) برگە (٧) لە یاسایی نشینگەی بیانیان ژمارە (١١٨) ساڵی ١٩٧٨.
٥. ڤیزەی ئەلیکترۆنی: بەڵگەنامەی ڕێگەپێدانی هاتنە ژوورەوەی هاووڵاتی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگای سیستەمی ئەلیکترۆنی کە بو ئەم مەبەستە ڕێکخراوە.
٦. بیانی : ئەو کەسەی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نیە.
٧. کارتی گەیشتن: کارتێکە لە لایەن وەزارەت ڕێکخراوە بەسەر هاووڵاتیانی بیانی کە گەشت دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان لە سەرجەم خاڵە سنوورییە فەرمییەکان دابەش دەکرێت و زانیارییەکان لە لایەن هاووڵاتی بیانی پڕ دەکرێتەوە.
٨. گواستنەوەی دۆسیە: ڕەوانەکردنی دۆسیەی کەسی بیانی کە کارتی نشینگەی هەیە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی نیشنگە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی تر.
٩. بەڕێوەبەرایەتی نشینگە: بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگاکانی هەرێم.

١٠.گۆڕینی دەستەبەری: گۆڕینی دەستەبەری کەسی بیانی کە کارتی نشینگەی هەیە لە دەستەبەرێك بۆ دەستەبەرێکی تر.

١١. بەیەك گەیاندنی خێزان: گەیاندنی ئەندامانی خێزانی کەسی بیانی بەیەکتر و ئەمەش تەنها دایك و باوك و کوڕ و کچ و هاوسەری کەسی بیانی دەگرێتەوە.

١٢.لیستی ڕەش: ئەو لیستەیە کە کەسی بیانی یان کۆمپانیا یان هەر کەسێکی سروشتی یان معنوی دەخرێتە ناوی بە بڕیاری وەزیر بەهوی ئەنجامدانی سەرپێچی.

١٣. ڤیزەی دەرچوون: ئەو ڤیزەیەی کە لەسەر پاسپۆرتی هاوولاتی بیانی دەدرێت لە لایەن بەرێوبەرایەتی نیشینگە کاتێك گرێبەستی کارکردنی لە هەرێم کۆتایی دێت.

١٤. کرێکار: هەرکەسێك کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدات بەرامبەر برێك پارە و کارەکەی لە ژێر سەرپەرشتی خاوەنکار ئەنجام بدات .

١٥. خاوەن کار: هەر کەسێکی سروشتی یان معنوی کرێکارێك یان زیاتر بەکار بهێنێت بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێك بەرامبەر برێك پارە.

١٦. کەسی معنوی: کۆمەڵێك کەس یان دارایی (اموال) کە مەبەستی ئەنجامدانی ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و دانپێدراوی یاسایی هەبێت بەپێی ئەو ئامانجانەی کە هەیەتی.

١٧.کەسی سروشتی: هەر مرۆڤێك کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و شیاوی یاسایی هەبێت بە پێی یاسا.

١٨. کارتی هەواڵی کەیشتن: ئەو کارتەیە کە لەلایەن بەرێوبەرایەتییەکانی نیشینگە رێك دەخرێت بۆ کەسی بیانی کە ڤیزەی مانەوەی پێدراوە کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت.

١٩. کارتی نیشینگە: ئەوکارتەیە کە ماوەکەی لە ٦ مانگ کەمتر نیە و لە ٣ ساڵ زیاتر نییە بە کەسی بیانی دەدرێت ومافی مانەوەی دەبێت لەهەرێم.

٢٠. دیپورت : دوور خستنەوەی کەسی بیانی کە بە شێوەیەکی یاسایی هاتووتە هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی عێراق.

٢١. خاڵی سنوری: گشت خاڵە سنورییە نیودەوڵەتیە فەرمییەکان (زەمینی و ئاسمانی).

ماددەی دووەم:

١. پێدانی ڤیزەی سەردان یان مانەوە تەنها لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆیە وە بە پێی ماددەی (چوارەم ) برگە (٦) لەیاسایی نیشینگەی بیانیان ژمارە ١١٨ ساڵی ١٩٧٨ دەدرێت وناکرێت ئەم دەسەلاتە دابەزێنرێت.

**مادەی سێ یەم:**

١. زانیاری ڤیزەی ئەلکترونی پاش دەرچوون و پێدانی ڤیزا هیچ گورانکارییەکی تێدا ناکرێت و لە کاتی هەبوونی هەر هەڵەیەك ئەو ڤیزەیە بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و دەبێت ڤیزەیەکی نوێی بۆ دەربچێت بە پێی داواکاری و رسوماتی نوێ و جێ بە جێ کردنی گشت رێکارە یاساییەکان.

٢. ئەگەر هەڵەکە هوکارەکەی لە لایەن وەزارەتەوە بوو ئەوا ڤیزەی بۆ نوێ دەکرێتەوە بە بێ بەرامبەر.

**مادەی چوارەم :**

**ڤیـــزەی سەردان**

**یەکەم/** ڤیزەی سەردان دەدرێت بە هاوڵاتی بیانی بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. پێشکەش کردنی داواکارییەکی نووسراو لە رێگای بەرێوەبەرایەتیەکانی نشینگە.

٢. هاوپێچ کردنی کۆپی رەنگاورەنگی پاسپۆرت و ماوەی بەسەرچوونی لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت.

٣. هاوپێچ کردنی وێنەیەکی رەنگاورەنگ قەبارە (٣×٤ سم).

٤. مەبەستی سەردان دیاری بکرێت لە داواکارییەکە .

٥. کەسە بیانیەکە ناوی لە لیستی قەدەغە دا نەبێت .

٦. پرکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە داواکاری کەسی یان کۆمپانیا یان کارگە .

**دووەم:**

ڤیزەی کونسولگەریە گشتیەکانی عێراق تەنها بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ رێگایان پێ دەدرێت لە هەرێمی کوردستان.

**سێ یەم:**

١-هەڵگری تراڤل دیکۆیومێنت مامەڵەی رەگەزنامەی رەسەنی لەگەڵ دەکرێت بەمەبەستی پێدانی ڤیزە

٢-ئەگەر کەسی بیانی بەرەچەڵەك عێراقی بوو پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات.

**چوارەم:**

ڤیزەی سەردان تەنها بۆ (٣٠) رۆژە و ناکرێت درێژ بکرێتەوە.

**مادەی پێنجەم :**

**گۆرینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە**

**یەکەم/** ڤیزەی سەردان دەگوردرێت بۆ نشینگە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ بەرێوەبەرایەتییەکانی نشینگە بە شیوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن کەسی بیانی یان پارێزەری خاوەنی بریکارنامە لە خودی کەسی بیانی یان پارێزەری کومپانیای بەدواداچوونی کاروباری نیشنگە.

٢. هاوپێچ کردنی کۆپی رەنگاورەنگی پاسپۆرت و مۆری هاتنە ژوورەوە لە خاڵە سنوورییەکان کە لەسەر پاسپۆرتی دراوە.

٣. پێشکەش کردنی گرێبەستی کار کە ماوەکەی لە ساڵێك کەمتر نەبێت پەسندکرا بێت لە دادنووس نەك لە فەرمانگەی یاسایی بەرێوەبەرایەتییەکانی نشینگە .

٤. دەستەبەرکردنی کەسی بیانی لە لایەن کەسێکی عێراقی نیشتەجێ هەرێمی کوردستان بێت و کارتی زانیاری هەرێم هەبێت.

٥. خاوەن کار بەڵێن بدات لە کاتی نوێ نەکردنەوەی گرێبەستی کرێکاری بیانی یان کرێکاری بیانی نەیتوانی گرێبەستێکی تری کاری لە ماوەی یاسایی مانەوەی کرێکار لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات یان دیپۆرت کردنی بە هەر هۆکارێك ، گشت خەرجییەکانی دیپورت کردنەوە دەگرێتە ئەستو.

٦. دانی بڕی (١,٢٠٠,٠٠٠) ملیۆنێك و دوو سەد هەزار دینار وەك رسوماتی گۆرینی ڤیزە بۆ نشینگە لە لایەن بەرێوبەرایەتیکانی نیشینگە وەردەگیرێن بە پسولەی ٣٧/أ دەخرێتە سەرحسابی داخراوی بەرێوبەرایەتیەکانیان و ئەم بڕە بەدەرە لەخەرجییەکانی تری پێدانی نشینگە.

٧. نشینگە بۆ یەك ساڵ دەدرێت و دەبێت لە ماوەی ئەو ساڵە کەسی بیانی رەزامەندی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی وەربگرێت بەپێی مادەی حەوتەم لە رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تایبەت بە مۆلەتی کاری هاووڵاتی بیانی لە ناو هەرێمی کوردستان.

٨. لەکاتی نەهێنانی رەزامەندی برگە (٧)ی سەرەوە وکۆتایی ماوەی نشینگەی هاوولاتی بیانی نوێ ناکرێتەوە و دیپورت دەکرێت.

دووەم/ ئەم مادەیە کارمەندانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ناگرێتەوە.

**مادەی شەشەم :**

**ڤیزەی خاڵە سنوورییەکان**

١. هاووڵاتیانی (ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ئوستراليا، نیوزلەندا، یابان، کۆریای باشوور، کەنەدا، ئیمارات، کوێت، قەتەر، تورکیا، ئێران، لاتڤیا، لیتوانیا، لوکسامبورگ، ماڵتا، هوڵەندا، نەرویج، پوڵەندا، پورتوگال، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید، سویسرا، نەمسا، بلجیکا، بەرازیل، بولگاريا، کرواتیا، قوبرس، کۆماری چیك، دانیمارك، ئیستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەلمانیا، یونان، هەنگاریا، ئیرلەندا و ئیتالیا) دەکرێت لە خاڵە سنورییەکان بێنە هەرێمی کوردستان بێ وەرگرتنی ڤیزە و ماوەی (٣٠) رۆژیان پێ دەدرێت.

٢. ئەگەر هاووڵاتیانی برگە (١)ی سەرەوە داوای مانەوە بکەن هەمان مەرجەکانی مادەی (پێنجەم)یان بەسەر جێ بە جێ دەکرێت جگە لە رسوماتی گورینی ڤیزە بو نشینگە کە بری (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بە پسوڵەی (٣٧/أ) دەخرێتە سەر حسابی داخراوی بەرێوەبەرایەتیەکان.

**مادەی حەوتەم:**

**<u>ڤیزەی کارکردن</u>**

**یەکەم/ ڤیزەی کارکردن دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:**

١. کەسی بیانی مۆڵەتی کارکردن وەربگرێت لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلآیەتی بە پێی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥.

٢. داواکاری ڤیزەی کارکردن لە رێگای سیستەمی ئەلکترۆنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت و پاش وردبینی کردن ڤیزەی کارکردنی پێ دەدرێت.

٣. جێ بە جێ کردنی سەرجەم رێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە.

**دووەم/ کارمەندانی کەرتی نەوت ڤیزەی مانەوەیان پێ دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:**

١. فۆرمی داواکاری کومپانیا لە رێگای سیستەمی ئەلکترونی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشکەش بکرێت.

٢. کەسی داواکار خاوەن بروانامە بێت یان تەکنیکار بێت.

٣. جێ بە جێ کردنی سەرجەم رێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە.

**سێ یەم/** خاوەن کومپانیا یان پرۆژەی وەبەرهێنان یان کارگە یان هەڵگری پشك کە لە (٢٥٪) کەمتر نەبێت ڤیزەی مانەوەی پێ دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. خاوەندارێتی بسەلمێنیت بە پشتگیری لایەنی حکومی پەیوەندیدار.

٢. پێشکەش کردنی داواکاری بۆ بەرێوەبەرایەتی نشینگە و هاوپێچ کردنی کوپی پاسپورت.

٣. پرکردنەوەی فورمی کومپانیا یان کارگە یان پرۆژە.

٤. جێ بە جێ کردنی سەرجەم رێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە.

٥. ئەگەر خاوەن پشك بە ڤیزەی سەرەدان هاتبێتە ناو هەرێم تەواوی رسوماتی گورینی ڤیزەی سەرەدان بۆ نشینگەی لێ وەردەگیرێت.

**مادەی هەشتەم:**

**<u>ڤیزەی رێکخراوەکان</u>**

**یەکەم/ ڤیزەی کارمەندانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان:**

١. هەڵگری پاسپۆرتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بێ ڤیزە رێگایان پێ دەدرێت بێنە هەرێمی کوردستان.

٢. ئەگەر کارمەندی رێکخراوی نەتەوەیەککرتووەکان هەڵگری پاسپۆرتی ئەو رێکخراوە نەبێت ئەوا بە ناسنامەی ئەو رێکخراوە رێگای پێ دەدرێت بەلآم دەبێت بەکاری فەرمی ئەو رێکخراوە هاتبێت و ناوی لە لیستی قەدەغە نەبێت.

٣. کارمەندانی ئەم ڕێکخراوە کە لە برگە (٢،١) ئاماژەیان پێدراوە دەتوانن داوای نشینگە بکەن ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە تەنها بە مەبەستی کارکردن لەو ڕێکخراوە بە پشتگیری نووسراوی ڕێکخراو.

٤. کارمەندی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەخشراون لە رسوماتی ڤیزە و نشینگە.

**دووەم/ ڤیزەی کارمەندانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:**

١. ئەو هاووڵاتیە بیانیانەی کە کار بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕاستەوخۆ ڤیزەیان پێ دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ. ڕێکخراوەکە تۆمارکراو بێت لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و بەڵگەنامەی تۆمارکردن لەگەڵ داواکارییەکە هاوپێچ بکرێت.

ب. داواکاریەکە لە ڕێگای فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئەگەر ڕێکخراوەکە نێودەوڵەتی بێت ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت.

ج. ئەگەر ڕێکخراوەکە کارەکانی لە سنووری پارێزگاکانی دهوك و سلێمانی و هەولێر بێت ئەوا ڤیزەیان پێ دەدرێت بە پشگیری پارێزگا بەمەرجێك تومارکرا بێت لە هەرێم .

٢. ئەو هاووڵاتیانەی کە لە خاڵی (أ ، ب،ج)ی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە دەتوانن داوای نشینگە بکەن تەنها بۆ کارکردن بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە داوای ڤیزەیان بۆ کردوون و لەلایەن بە ڕێوبەرایەتیەکانی نیشینگە پیان دەدرێت ئە گەر لەناو هەرێم بن بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بن ئەوا لەلایەن وزارەت پێیان دەدرێت.

٣. هیچ رسوماتێك لە بەرامبەر گورینی ڤیزەی سەرەدان بۆ نشینگە وەرناگیرێت.

**مادەی نویەم:**

## <u>ڤیزەی خویندن</u>

**یەکەم :** ئەو قوتابیانە بیانیەی کە بە مەبەستی خویندن دێتە هەرێمی کوردستان نشینگەی پێ دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك بە مەبەستی وەرگرتنی ڤیزەی خویندن.

٢. پشتگیری قوتابخانە یان پەیمانگا یان زانکوی لێی وەرگیراوە لە قوتابی بیانی لە ڕێگای وەزارەتی تایبەتمەند.

٣. دەبێت ئەو قوتابخانە یان پەیمانگا یان کولێژە خویندنەکەیان زانستی بێت نەك پێشەیی و باوەر پێکراو بێت لە لایەن وەزارەتی پەروەردە یان وەزارەتی خویندنی باڵا.

٤. جێ بە جێ کردنی سەرجەم ڕێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە.

**دووەم:** ڤیزەی خویندن بۆ یەك ساڵ دەدرێت و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە تا ماوەی خویندنەکە کوتایی پێ دێت.

**سێ یەم:** قوتابی بیانی بۆی نیە کار بکات لە هەرێم بە پێچەوانەوە ڤیزەی خویندنی هەڵدەوەشێتەوە وە دیپورت دەکرێت.

**چوارەم:** قوتابی بیانی (٥٠٪) لە رسوماتی ڤیزە و نشینگە دەبەخشرێت.

**پێنجەم:** ڤیزەی خویندن هەموو قوناغەکانی خویندن دەگرێتەوە.

**مادەی دەیەم :**

**بەیەك گەیاندنی خێزانی بیانی**

هاووڵاتی بیانی دەتوانێت داوای ڤیزە بكات بۆ خێزانەكەی بەمەبەستی مانەوە لەهەرێمی كوردستان بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. پێش كەشكردنی داواكاریەك لە رێگای بەرێوەبەرایەتییەكانی نشینگە بە سیستەمی ئەلكترونی بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەرێوەبەرایەتی ڤیزە.

٢. هاوپێچ كردنی گشت ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەندی خێزانی دەسەلمێنێت.

٣. هاوپێچ كردنی كۆپی رەنگاورەنگی پاسپۆرتی ئەندامانی خێزان كە ماوەی بەسەرچوونی لە ماوەی داواكردنی ڤیزەی مانەوە كەمتر نەبێت وە لە هەموو حاڵەتێكدا لە (٦)مانگ كەمتر نەبێت.

٤. دەبێت هاووڵاتی بیانی كارتی نشینگەی هەبێت لە هەرێم كە ماوەكەی لە (٦) مانگ كەمتر نەبێت و بەسەر نەچووبێت.

٥. توانای دارایی بژێوی ژیانی خێزانەكەی لە هەرێم بسەلمێنێت.

٦. یەكەیەكی نیشتەجێبوون بە ناوی كەسی بیانی یان گرێبەستێكی كرێی یەكەی نیشتەجێ بوونی هەبێت .

٧. داواكاری بەیەك گەیاندنی خێزان دەبێت راستەوخۆ لە لایەن كەسی بیانی پێشكەش بكرێت یان پارێزەری خاوەن بریكارنامە لە كەسی بیانی یان كۆمپانیاكانی بەدواداچوونی كاروباری نشینگە.

٨. داواكردنی بەیەك گەیاندنی خێزان دەبێت لە هەمان بەرێوەبەرایەتی نشینگە پێشكەش بكرێت كە كەسی بیانی كارتی نشینگەی لێ وەرگرتووە .

٩. بەیەك گەیاندنی خێزان تەنها كچ و كوڕ و دایك و باوك و هاوسەری كەسی بیانی دەگرێتەوە .

١٠. بەیەك گەیاندنی خێزان دەكرێت بێ ڕەچاوكردنی جۆری ڤیزە سەردان بێت یان مانەوە.

١١. ئەگەر كەسی داواكراو بە ڤیزەی سەرەدان هاتبێتە ناو هەرێم رسوماتی گۆرینی ڤیزەی سەرەدان بۆ مانەوەی لێ وەرناگیرێت.

**مادەی یانزەیەم :**

**هەواڵـــی گەیشتن**

**یەكەم / كارتی گەیشتن :**

١. كارتی گەیشتن لە لایەن هاوڵاتی بیانی پڕدەكرێتەوە لە خاڵە سنورییەكان و لەكاتی مۆركردنی پاسپۆرت ڕادەستی ئەفسەری نشینگەی خاڵی سنوری دەكات.

٢. كارتی گەیشتن دەبێت لە لایەن گشت ئەو هاولاتییە بیانییانە پڕ بكرێتەوە كە بە سەردان دێنە هەرێمی كوردستان.

**دووەم / کارتی هەواڵی گەیشتن:**

١. کارتی هەواڵی گەیشتن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە دەدرێت بە کەسی بیانی کە ڤیزەی مانەوەی پێ دراوە کە لە یەك ساڵ کەمتر نییە .

٢. کارتی هەواڵی گەیشتن نابێت لە (٣) مانگ زیاتر بێت بەمەبەستی پێدانی دەرفەت بە کەسی بیانی بۆ تەواو کردنی ڕێکارەکانی دەرکردنی کارتی نشینگە.

٣. نابێ کەسی بیانی لەماوەی وەرگرتنی کارتی هەواڵی گەیشتن عێراق جێبهێڵێت بە پێچەوانەوە لە خاڵی سنوری کارتی هەواڵی گەیشتن لێ وەردەگیرێتەوە و ڤیزەی مانەوەی هەڵدەوەشێتەوە .

٤. ئەو هاوڵاتییە بیانییەی کە نشینگەی بۆ (٦) مانگ یان کەمتر وەرگرتوە کارتی هەواڵی گەیشتنیان بۆ ڕێك ناخرێت و دەبێت لەماوەی (١٥) ڕۆژ هەموو کارەکانی وەرگرتنی کارتی نشینگە تەواو بکات.

٥. کارتی هەواڵی گەیشتن بۆ ئەو هاوڵاتیە بیانیانە ڕێك ناخرێت کە لە مادەی (شەشەم) برگە (١) ئاماژەیان پێ دراوە.

**مادەی دوانزەیەم :**

**گواستنەوەی دۆسیەی کەسی بیانی**

**یەکەم /** گواستنەوەی دۆسیی تایبەت بە هاوڵاتی بیانی لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگەیەك بۆ یەکێکی تر لە دەسەڵاتی ئەو بەڕێوەبەری نشینگەیە کە دوسیێ بۆ دەگوازرێتەوە .

**دووەم /** گواستنەوەی دۆسیی دەکرێت تەنها بۆ ئەو هاوڵاتیە بیانیانەی کە نشینگەیان هەیە کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت و گرێبەستی کاریان هەیە .

**سێ یەم /** گواستنەوەی دۆسیی دەکرێت بەم مەرجانەی خوارەوە :

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە نشینگەیەی کە دەیەوێت گواستنەوەی دوسێی بۆ بکات

٢. دەبێت کارتی نشینگەی بەسەر نەچوو بێت.

٣. ڕەزامەندی نوسراوی خاوەن کاری پێشوو لەسەر گۆڕینی شوێنی کاری کرێکار ئەگەر گریبەستی کاری ماوەکەی بەسەر نەچوو بێت.

٤. پێشکەش کردنی گرێبەستی کاری نوێ کە لە دادنووس پەسەندکرا بێت نەك لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە.

٥. دەستەبەرکردنی کرێکار لە لایەن خاوەن کاری نوێ .

٦. ڕەزامەندی هەر دوو بەڕێوبەرایەتی کار لەو پارێزگایەی لێی و بوی دەگوازرێتەوە .

٧. بەڕێوبەرایەتی نیشینگەی کە دۆسیەکەی بو دەگوازرێتەوە لە کاتی جێ بەجێ کردنی گشت مەرجەکان نوسراوێك ئاراستەی ئەو بەڕێوبەرایەتیە دەکات کە دۆسێی لێ تومار کراوە بەمەبەستی ناردنی دۆسێی و دەبێت وێنەیەکی دۆسێی لە ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی دوسێیەکەی لێ گوازراوەتەوە بمێنێ.

چوارەم / گواستنەوەی دوسیی بۆ خاوەن کار یان کۆمپانیا یان پرۆژەی وەبەرهێنان دەکرێت بەمەرجێك کۆمپانیاکەی یان پرۆژەکەی گواسترابێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە داوای گواستنەوەی دۆسیێی بۆ دەکات یان لقێکی لیٚ کرابێتەوە بە پشتگیری لایەنی حکومی پەیوەندیدار .

پێنجەم / ئەو بەرێوەبەرایەتیەی کە دۆسیێی لیٚ دەگوازرێتەوە دۆسیێی کەسی بیانی ڕەوانەی بەرێوەبەرایەتی دۆسیێی بۆ دەگوازرێتەوە ناکات ئەگەر گشت مەرجەکانی گواستنەوەی دۆسیێی جیٚ بەجیٚ نەکرابوو.

شەشەم / گواستنەوەی دۆسیێی یەك جار لەساڵێکدا ئەنجام دەدرێت .

حەوتەم / ئەم مادەیە کارمەندی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نیودەوڵەتیەکان و رێکخراوی کومەڵگای مەدەنی و کومپانیاکانی کەرتی نەوت ناگرێتەوە .

**مادەی سیانزەیەم :**

**<u>دانانی کەسی سروشتی یان معنوی لە لیستی ڕەش وبریاری دورخستنەوە یان دیپورت کردن</u>**

**یەکەم:** کەسی سروشتی یان معنوی دەخرێتە لیستی ڕەش ئەگەر سەرپێچی ڕێنماییەکانی ڤیزە یان نشینگە یان رێنماییەکانی تایبەت بە کرێکارانی بیانی بکات یان هەر یاسایەکی تایبەت بە ڤیزە یان نشینگە یان کارکردن یان ئەگەر مەترسی دروست بکات لەسەرتەندروستی یان ئاسایشی هەرێم .

**دووەم:** ئەگەر سەرپێچیکار کەسی سروشتی بیانی بێت ئەوا دوور دەخرێتەوە .

**سیٚ یەم:** ئەگەر سەرپێچیکار کەسی معنوی بێت ئەوا پاش خستنە ناو لیستی ڕەش گشت داواکارییەکانی تایبەت بە ڤیزە یان نشینگەی رادەگیرێت.

**چوارەم:**

١- خستنە ناو لیستی ڕەش یان دەرهێنانی یان دیپۆرت کردن تەنها لە دەسەڵاتی وەزیرە و دەبێت لایەنی داواکار لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە داواکاری خستنە ناو لیستی ڕەش یان دیپۆرت کردن بۆ وەزارەتی ناوخۆ / بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان /بەڕێوەبەرایەتی ڤیزە بەرز بکاتەوە و گشت بەڵگەنامەی تایبەت بە سەرپێچییەکانی لە گەڵ دۆسیێی کەسی بیانی هاوپێچ بکرێت.

٢- ئەگەر دیپۆرت کردن بە بریاری دادگای تایبەتمەند بوو ئەوا دەقی بریاری کوتایی دادگا رەوانەی وەزارەتی ناوخو دەکرێت بە مەبەستی دەرکردنی فەرمانی وەزاری.

**پێنجەم:** وەزیر بۆی هەیە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك بهێنێت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە ئەگەر لە بەڵگەکانی دواکردنی خستنە ناو لیستی ڕەش یان دورخستنەوە یان دیپۆرت کردنی خاڵی (چوارەم) دڵنیا نەبوو .

**شەشەم:** کەسی معنوی دەخرێتە ناو لیستی ڕەش پاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە لایەن لیژنەیەك کە بە فەرمانی وەزیر پێك دەهێنرێت .

**حەوتەم/** خستنە ناو لیستی ڕەش لە ساڵێك کەمتر نابێت و دوای ساڵ بەپێی داواکاری لادەبرێت بە فەرمانی وەزاری و دەبێت هۆکاری خستنە ناو لیستی رەش چارەسەر کرابێت.

مادی چواردەیەم :

## دەستەبەری کەسی هاوڵاتی بیانی و بەڵێننامە

یەکەم/ هاوڵاتی بیانی دەستەبەر دەکرێت لە لایەن هاوڵاتیەکی عیراقی بە مەبەستی وەرگرتنی ڤیزە یان نشینگە بەم مەرجانەی خوارەوە :

١. دەبێت دەستەبەر ڕەگەزنامەی عێراقی و کارتی زانیاری هەرێمی کوردستانی هەبێت .
٢. نابێت دەستەبەر کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت یان پێشمەرگە بێت یان کارمەندی ئاسایش بێت .
٣. نابێت دەستەبەری بەرامبەر بڕێك پارە بێت یان هەرشتێك یان ئیمتیازێکی تر .

دووەم/ هاوڵاتی بیانی یان دەستەبەر دەتوانێت داوای گۆڕینی دەستەبەری بکات بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی تایبەت مەند.
٢. دەبێت هاوڵاتی بیانی کارتی نشینگەی هەبێت کەلە (٦) مانگ کەمتر نەبێت.
٣. ئامادەبوونی کەسی بیانی و دەستەبەر لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە .
٤. جێ بەجێ کردنی گشت برگەکانی خاڵی (یەکەمی) ئەم ماددەیە.
٥. پەسەندکردنی دەستەبەری نوێ بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان.

سێ یەم/ لە کاتی گۆڕینی دەستەبەری کەسی بیانی گشت بەرپرسیاریەتی دەستەبەری دەکەوێتە ئەستۆی دەستەبەری نوێ.

چوارەم/ لە کاتی داوا کردنی گۆڕینی دەستەبەر و هاوڵاتی بیانی نەیتوانی دەستەبەرێکی نوێ ئامادە بکات ئەوا نشینگەی هەڵدەوەشێتەوە و دوور دەخرێتەوە.

پێنجەم/ هەر کەسێکی بیانی نشینگەی پێ بدرێت بە پێی ڕێنماییەکان دەبێت خاوەن کار بەڵێن بدات لە بەردەم دادنووس لە کاتی کۆتایی هێنانی بە گرێبەستی کەسی بیانی و نوێ نەکردنەوەی یان بەدەست نەهێنانی گرێبەستێکی نوێ یان دیپورت کردنی کەسی بیانی بە هەر هۆکارێك بێت گشت خەرجی گەرانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتەکەی بگرێتە ئەستوی خوی.

مادەی پانزەیەم :

## بەدواداچوونی کاروباری ڤیزە و نشینگە

یەکەم / بەدواداچوون و وەرگرتنی ڤیزەی سەردان یان مانەوە یان وەرگرتنی کارتی هەواڵی گەیشتن یان کارتی نشینگە تەنها لە ڕێگای خودی کەسی بیانی دەبێت یان پارێزەری خاوەن بریکارنامە یان پارێزەری کومپانیاکانی بەدواداچوونی کارۆباری نشینگە.

دووەم / ئەگەر ئەو کەسانەی لەبرگەی (یەکەم) ئاماژەیان پێ دراوە سەرپێچی یاساو ڕێنماییەکان بکەن ئەوا دەخرێنە لیستی ڕەش .

مادەی شانزەیەم :

**هەڵوەشاندنەوەی ڤیزە و کارتی نشینگە**

**یەکەم / ڤیزەی سەردان یان مانەوە هەڵدەوەشێتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە :**

١. لەسەر داواکاری کەسی بیانی یان نوێنەری یاسایی یان لایەنی داواکار .

٢. دەبێت کەسی بیانی ڤیزەکەی بەکار نەهێنابێت .

**دووەم / نشینگەی هاوڵاتی بیانی هەڵدەوەشێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە :**

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەن خودی هاوڵاتی بیانی .

٢. ئەنجامدانی سەرپێچییەك و دانانی ناوی لە لیستی ڕەش بە پێی مادەی (سیانزەیەم)ی ئەم ڕێنماییانە.

٣. ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی پێدانی نشینگەی لە دەست بدات.

مادەی حەڤدەیەم :

یەکەم / ئەو کەسە بیانییەی گرێبەستی کارکردنی کۆتایی پێ دێت لەگەڵ خاوەن کار دەتوانێت داوای نوێ کردنەوەی کارتی نشینگە بکات بەمەرجێك گرێبەستی نوێی کارکردنی پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە بکات لە هەرێم و دەبێت ئەم گرێبەستە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی کار یان دادنووس پەسەند کرابێت .

دووەم / دەبێت خاوەن کاری پێشوو پێش کۆتایی گرێبەست بە یەك مانگ ئامادە بێت لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی تایبەتمەند بۆ تۆمار کردنی هەر مافێك ئەگەر لە ئەستۆی کرێکاری بیانی مابێت بە پێچەوانەوە ناتوانێت ڕێگر بێت لە نوێ کردنەوەی نشینگەی کەسی بیانی.

سێ یەم/ لە کاتی تومارکردنی هەر مافێك لەلایەن خاوەن کاری پێشوو لە ماوەی برگە ی (دووەم) ، بەڕێوبەرایەتی نشینگە کێشەکە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی کار دەکات بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی کێشەکە لەلایەن دادگای کار و نشینگەی کرێکاری بیانی نوێ دەکرێتەوە تا کوتایی هاتنی کێشەکە .

چوارەم / نوێ کردنەوەی نشینگە بۆ کەسی بیانی کە لە بڕگەی یەکەم ئاماژەی پێ دراوە پێویست بە نوسراوی ئەستۆ پاکی خاوەن کاری یەکەم ناکات .

مادەی هەژدەیەم :

١. پاسپورتی هاولاتی بیانی نابێت بەسەرچوونی لە شەش مانگ کەمتر بێت لە کاتی داواکردنی ڤیزەی سەرەدان.

٢. پاسپورتی هاولاتی بیانی نابێت ماوەی بەسەرچوونی لە ماوەی داواکردنی ڤیزەی مانەوە کەمتر بێت.

مادەی نوزدەیەم :

یەکەم/ لیژنەیەك لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە پێك دێت لە (٣) ئەفسەری نشینگە بە مەبەستی بەدواداچوونی نشینگەی کەسانی بیانی لە سنوری بەڕێوەبەرایەتییەکەیان .

دووەم/ دەبێت ئەم لیژنە بە تەواوی تەرخان بکرێت لەو کارەی کە لە برگەی یەکەم دیاری کراوە وە ٣ مانگ جارێك بگوڕدرێت .

سێ یەم/ لەکاتی بینینی هەر سەرپێچییەکی تایبەت بە رێنماییەکانی ڤیزە یان نشینگە دەبێت بە کۆنوسێکی تایبەت ئەم سەرپێچییە دەست نیشان بکات .

چوارەم/ لیژنەی بەدواداچوون راپۆرتی رۆژانە بەرزدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەری نشینگە لە سنوری کارەکەی و تێدا سەرپێچی و پێشنیارەکان دەست نیشان دەکات .

پێنجەم/ ئەم لیژنەیە راستەخۆ دەبەسترێتەوە بە بەڕێوەبەری نشینگە و سەرجەم رێنمایی و فەرمانەکان لە خودی بەڕێوەبەر وەردەگرێت .

شەشەم/ پێویستە لە سەر بەڕێوەبەرایەتی نشینگە راپۆرتی مانگانە سەبارەت بە بەدواداچوونی لیژنە بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامەی هەرێم .

مادەی بیستەم :

یەکەم/ هیچ کەسێکی بیانی لە رسومات و سزا داراییەکانی ڤیزە و نشینگە نابەخشرێت .

دووەم/ بەدەر لە خاڵی یەکەم کارمەندانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و فەرمانبەرانی کونسوڵگەریەکان تەنها لە رسوماتی ڤیزە و نشینگە دەبەخشرێن.

مادەی بیست و یەکەم :

١. مۆرێکی تایبەت بە هاتنە ژوورەوەی کەسانی بیانی کە بە ڤیزەی سەرەدان دێنە هەرێمی کوردستان ماوەی سەرەدانەکە لەو مۆرە بە (٣٠) رۆژ دیاری دەکرێت لە پاسپورتی کەسی بیانی دەدرێت.
٢. مۆرێکی تایبەت بە هاتنە ژوورەوەی کەسانی بیانی کە بە ڤیزەی مانەوە دێنە هەرێمی کوردستان ماوەی (١٥) رۆژیان پێ دەدرێت بۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە لە پاسپورتی کەسی بیانی دەدرێت.

مادەی بیست و دووەم :

یەکەم/ سیستەمی کاری سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە یەك دەخرێن و یەك جور کارتی هەواڵی گەیشتن و نشینگە چاپ دەکرێت.

دووەم/ سیستەمی ئەلکترونی بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە دەبەسترێتەوە بە یەکەوە و لە رێگای سیرڤەری ناوەندی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت و لەو رێگایەوە سەرجەم زانیارییەکان لە نیوانیان و وەزارەت ئاڵوگور دەکرێت.

مادەی بیست و سێ یەم :

یەکەم/ ئەم رێنمایی و نوسراوانەی خوارەوە کاری پێ ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییانە :

١. رێنمایی ژماری (٢) ساڵی ٢٠١٥ .
٢. رێنمایی ژماری (٤) ساڵی ٢٠١٥ .
٣. نوسراوی ژمارە (١٩١٧٣) لە ٢٠١٥/٩/٩ .

٤. نوسراوی ژماره (٢٢٣٩٣) له ٢٠١٥/١٠/٢٧ .

٥. نوسراوی ژماره (٢٢٦٠٧) له ٢٠١٥/١٠/٢٨ .

٦. نوسراوی ژماره (٢٤٧١٢) له ٢٠١٥/١١/٢٣

٧. نوسراوی ژماره (٢٦٧٥١) له ٢٠١٥/١٢/١٥ .

٨. هەر ڕێنماییەك یان نووسراوێكی تر تایبەت بە ڤیزە یان نشینگە.

دووەم : ئەم ڕێنماییانە لە ڕۆژی ٢٠١٦/٢/٧ كاری پێ دەكرێت .

كەریم سنجاری

وەزیری ناوخۆ

**<u>وێنەیەك بۆ :-</u>**

- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆكایەتی دیوان/ بۆ زانین ، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلایەتی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی كارو دەستەبەری كومەلایەتی / بۆ زانین و كاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی سامانە سروشتییەكان / بۆ زانین و كاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن.
- گشت وەزارەتەكان ، فەرمانگەكانی نەبەستراو بەوەزارەت ، دەستەسەربەخۆكان / بوزانین ، لەگەل ڕێزگرتن./ و- د ١ د
- نوسینگەی بەڕێز وەزیر / بوزانین ، لەگەل ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان / نوسینگەی ڕاوێژكار/ بو زانین ، لەگەل ڕێزگرتن .
- گشت پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان ، بو زانین و كاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان ، بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی/ بۆ زانین ، لەگەل ڕێزگرتن.
- نوسینگەی بەڕێز بریكاری وەزارەت / بوزانین ، لەگەل ڕێزگرتن.
- ڕاوێژكاران / بوزانین ، لەگەل ڕێزگرتن .
- گشت بەڕێوبەرایەتیە گشتیەكانی سەر بە وەزارەت / بوزانین ، لەگەل ڕێزگرتن ،
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی كوردستان / بۆ زانین ، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی تومار كردنی كومپانیاكان بو زانین وكاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەكان/ بو زانین وكاری پێویست / لەگەل ڕێزگرتن.
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان / بوزانین ، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆزانین و كاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتیەكانی نشینگە لە پارێزگاكان / بوزانین و كاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن.
- خولاو.